# ئێران و ستراتیژی نوێی ئەمەریکا

سمکۆ یەزدان پەنا



ستراتیژی نوێی جۆرج دبلیو بوش، راپۆرتەکەی بیکەر هاملتونی راداو ئێرانی تەنگاو کردووە، ئەو ستراتیژیە دەریخست کە جورج بوش و دەوڵەتەکەی تێدەگەن لە هەڵو مەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و ئێراق بە تایبەتی.

رۆڵی دەوڵەتی ئێران لەو پەیوەندیەدا.ئاساییە درەنگ یا زوودەبووایە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی تێبگەیشتنایە لە رۆڵی خراپ و بەرچاوی ئێران لە هەموو کردووە تیرۆریستیەکانی لەم ناوچانەدا، هەروەکوو ئێمە لە مێژە تێگەیشتووین، جێگای سەر سوورمان نییە کە ئێران نەك بە هۆی درێژەدانی پیتاندنی یۆرانیۆم لێی بدرێ، بەڵکو بە هۆی تەولیدی تیرۆریزمی دەوڵەتی و شێواندنی ئاسایشی زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، سەیرو سەمەرە نییە کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە رێگای نیزامیەوە دەردی ئێران چارە سەر بکەن، ئەوە سەیرو سەمەرە دەبێت کە لە پاش تێگەیشتنی زۆربەی دەوڵەتانی بریار بەدەستی جیهانی لە خراپە کاریەکانی رژێمی ئێران لە دوێنێ و ئەمرۆو سبەینێ واتە کردەوە تیرۆریستیەکانی ئێران و یارمەتی دانی تیرۆریستانی جیهانی لە رابردوو ئێستاو بە دڵنیایەوە لە دوا رۆژیشدا و لێنەدان و تەمی نەکردنی لە رێگای نیزامیەوە.

جۆرج بوش و کابینەکەی دەمێکە بە تەمای لێدانی ئێرانن، دەمێکە دەیانەوێ هاودەنگیان زۆر بێت، ئێستا ئەو زەمینەیە فەراهەمە، ئەوەی دوێنێ رازی بەتەحریم و هەرەشەی جیدی لە ئێران نەبوو، ئیمرۆ رازین و هاوپەیمانن لەگەڵ ئەمریکا بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە.

ژاك شیراكی سەرۆکی فەرەنسا پێشتر دەیگووت ئێران خەتەرێکی ئەوتۆ نییە، ئیمرۆ دەڵی خەتەرێکی جدییەو دەبێ لەو رێیەدا هاوکاری ئەمریکا بین.

ئەنگلا مێرکل راوێژکاری ئەڵمانیا هەمان بۆچوونی هەیە و سیناتۆری دیموکراتی خۆپاڵێوراو بۆ سەرۆك کۆماری دوارۆژی ئەمریکا (هیلاری کلینتۆن) یش هاورایە لەگەڵ بوش سەبارەت بە ئێران.

ئەمریکایەکان هیچ کاتێك نەیانتوانیووە ئەوەندە هاو پەیمان کۆ وەکەن بۆ کورتکردنەوەی دەستدرێژیەکانی ئێران تا سەرحەدی لێدانیشیان.

ئێستا ئەوەی کە گرنگە. تێگەیشتنی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەتی لە یارییە سیاسیەکانی کاربەدەستانی رژێمی ئێران، رێبەرانی رژێمی ئێران هەستیان بە جدی بوونی ئەمریکیەکان کردووە، ترسیان لێنیشتووە هەر بۆیەش سەفەری نەهێنی خامەنایی بۆ دەرەوەی ئێران و زەقکردنەوەی هێندی قسەی فێڵبازی سیاسی واتە رەفسەنجانی سەرۆکی مەجلیسی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام و گەورە پیاوی مەجلیسی خوبرەگان وپاشگەز بوونەوەی ئەحمەدی نەژاد لە هەندێك قسەی خۆی و وتنی ئەوەی کە هەرچی رەهبەر بفەرمووێ هەر ئەوەیەو ئێمەش ئیجرای دەکەین، وا وێدەچێ بەرە بەرە بۆ کورت زەمەنێك ئێران پاشگەز بێت لە پلانەکانی، خراپترین حاڵەت بۆ ئەمریکا ئەوەیە دەرفەت بە دەوڵەتی ئێران بدەن و فریووی پاشگەز بوونەوەیان لە پیتاندنی یۆرانیم بخۆن، هەروەك چۆن جیهان و خەڵکانێکی زۆری ئێران هەشت ساڵ فریوی ریفۆرمەکەی خاتەمی تیرۆریستیان خوارد.

ئێستا دەرفەتێکی باشە بۆ ئەمریکا لە ئێران بدات و ئەو رژێمە مەترسدارە بۆ جیهان لە ناوبەرێت، زلهێزانی ئەوروپایی هاوپەیمانی ئەمەریکان و نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانیش زۆربەیان ئامادەگی هاوکاری ئەمریکایان هەیە بەتایبەت نەتەوەی کوردو ئەحزابی کوردستانی ،بە بۆچوونی هەندێ کەس و لایەن هێرشی نیزامی ئەمریکا خەڵکانی نیشتەجێی ئێران زەرەر

مەند دەکا، لە هەر مرۆڤێکی ژێردەسەلاتی دەوڵەتی ئێران بپرسی جا چ کورد بێت چ عەرەب و چ بەلوج ............هتد هێرشی نیزامی ئەمریکا بۆسەر ئێران پەسەند دەکەن و هاوکاریشیان دەکەن.

مەگەر دەوڵەتی ئێراقی سەدامی بەدیالۆگ لە ناو چوو؟ تا خامەنەیی و ئەحمەدی نەژاد بە دیالۆك دەست لە کارە تیرۆریستیەکانیان هەڵگرن 28 ساڵە رژێمی ئێران بە شێوازی جۆراو جۆر خەڵکانی ئێران بە گشتی و کورد بە تایبەتی دەچەوسێنێتەوەو دەکوژێت، داهاتی ئێران دەدرێتە دەستی گروپە تیرۆریستیەکانی جیهان و ناوچەکە،مانگانە ملیۆنەها دۆلار خەرجی حیزبولاّ و حەماس و مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی و سوپای مەهدیەکان دەکات، خەڵکانی ئێران لە مێژە زەرەر مەند بوون، زۆرینەی خەڵك موحتاجی نانی شەوە، بێکاری لەوپەری خۆی دایە، مەگەر دیکتاتۆری وەها بە سەهلی لە ناودەچیّ! تائەو لایەنانەی کە دژی هێرشی نیزامی ئەمریکان رێز لە قسەیان بگیریّ، مەگەر رژێمی ئێران بە راپەرین پەیتا پەیتاکانی خەڵکانی ئێران تەنانەت لە جێی خۆشی جولاّ؟ چ بگات بە رووخانی.

28 ساڵە هەرچەند ساڵ جارێك بۆ ماوەی چەند رۆژ و بگرە حەوتووش خەڵك رژاونەتە خیابانەکانی شارەکان و لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران راپەریوون، بەلاّم هەموو جارێك رژێمی ئێران کۆمەڵێك بەکریّ گیراوی بەناو حیزبولاّی لوبنان و عەرەبی سووری و فەلەستینی تێکەلاّوی سوپای پاسدارانی خۆی کردووەو زۆر بێبەزەیانە خەڵکانی راپەریویان داوەتە بەرگولەی گەرم و خوێنی دەیان کورد و ئێرانیان رشتووە، ئەگەر زۆر دوور نەڕۆم هەر راپەرینەکەی ساڵ و چەند مانگ لەمەو بەر کە لە 13 شار لەسەر شەهیدکردنی شوانە سید قادر(کەمال ئەس فەرەم) پێشمەرگەی پاك روویدا.

ئەمانەو زۆر هۆکاری تر دەیسەلمێنن وێرای ئەوەی کە ئەوروپاییەکان لە پشتگیری دکتاتۆرانی ناوچەکە دەستیان کێشاوەتەوە، بە تایبەت ئێستا هەموویان لە دژی دەوڵەتی ئێرانن، بەلاّم بەداخەوە راپەرین بەدەستی خاڵی و بەبیّ پشتیوانی جیدی نەتەوەکانی ژێردەسەی دەوڵەتی ئێران زۆر زیاتر توشی زەرەری گیانی و ماڵی دەکات تاکو هێرشی نیزامی ئەمریکا کەش و هەوای ناوخۆی ئێران و دەوڵەتی ئێران وەك ئەفعانستان و ئێراق نییە بەدوو هۆکار لە وان جیا دەبێتەوە

یەکەم بە دڵنیاییەوە دەڵێم زۆرینەی فارسەکان و ئازەریەکان کە خۆیان پێکهێنەری دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانن ، ئێستا لەدژی ئەو رژێمە خوێنخۆرەی خۆیانن، چ بگات بە عەرەب و بەلوج ترکمەن و کوردەکانی ژێردەستەی ئەو رژێمە.

دووەم شێواوی بەغدا و خوارووی عێراق و بەشێك لە ئەفغانستان ئێستا بە هۆی مانی رژێمی ئێرانەوەیە، ئێران لە ناو خاکی خۆیدا لە ناو پادگانە سەربازیەکانی سوپای پاسداراندا تیرۆریست پەروەردە دەکا و پاشان بە کەرەستەی تەقینەوە رەوانەی ئێراق و شوێنەکانی تری دەکات .

کە ئەو رژێمە نەما بەدڵنیاییەوە دەستی تیرۆریست بە رادەیەکی بەرچاو کورت دەبێتەوە ئاسایش و ئەمنیەت بە رادەیەکی بەرچاو روو لە رۆژهەلاّتی ناوەراست دەکات، جا بۆیە لێدان لە رێگایی نیزامییەوە لە دەوڵەتی خامەنەیی و رەفسەنجانی و میسباحی یەزدی و خاتەمی و ئەحمەدی نەژاد و........هتد کۆتایی هێنانە بە وان و چالاکییەکانی سەید حەسەن نەسرولاّ و موقتەدا سەدر و هەنییە .ئیتر من تێناگەم بۆچی هەندیّ کەس و لایەن لە دژی هێرشی نیزامی ئەمریکان بۆ سەر ئێران ئەگەر بەرژەوەندیان لە مانەوەی ئەو رژێمەدا نییە .